KCCRC

Political Studies PS

# هێرشی سەربازی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان؛ پاڵنەر و لێکەوتەکان



زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٤٢

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# هێرشی سەربازی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان؛ پاڵنەرو لێکەوتەکان

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێ و قەیرانەکان

زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ١٤٢

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

حوزەیرانی ٢٠٢٠

# هێرشی سەربازی تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان؛ پاڵنەرو لێکەوتەکان

**ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لەململانێ و قەیرانەکان**

## پێشەکی

تورکیا ئەزموونی زۆری دەستێوەردانی سەربازی لە هەرێمی کوردستان هەیە، رەنگە بۆ ئەو مەبەستەش پاساوی جۆراوجۆری خستبێتەڕوو. بەر لە سەرهەڵدانی رێکخراوی تیرۆریستی داعش بوونی سەربازی و دەستێوەردانی ئەو وڵاتە لە عێراق و هەرێمی کوردستان زیاتر خۆی لە ئۆپراسیۆنی هێزە ئاسمانییەکانی تورکیا دژی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان خۆی دەبینیەوە، بەڵام بەهۆی سەرهەڵدانی داعش و داگیرکردنی زۆربەی ناوچە سوننیەکانی ناوەڕاستی عێراق و دروستکردنی مەترسی لەسەر ئاسایش و جوگرافیای هەرێمی کوردستان گۆڕانگاری لە بوونی سەربازی و دەستێوەردانی تورکیا لە عێراق کرد کە بەشێوەیەک بوونی سەربازی و سیاسی تورکیا لەهەرێم زیاترو فراوانتربووە، ئەمە جگە لە ئەنجامدانی ئۆپراسیۆنی سەربازی بەردەوام لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا، لەلایەکی ترەوە ئەگەر لە ڕابردوودا تورکیا ڕووبەڕووی نارەزایی ناوخۆیی و سیاسی بووبێتەوە لە هەرێمی کوردستانەوە، ئەوا ئێستا نەک هەر دژایەتی ناکرێت بەڵکو قسەلەسەر بوونی هەماهەنگی دەکرێت لەنێوان تورکیا و حکومەتی هەرێمی کوردستان و تەنانەت پارتی دیموکراتی کوردستاندا بۆ خەرقکردنی سەروەری هەرێمی کوردستان. ئەم بابەتە گفتوگۆ دەکات لەسەر بوونی سەربازی تورکیا لە هەرێم و پاڵنەرو لێکەوتەکانی لەشکرکێشیە سەربازییەکانی ئێستای و جیاوازی لە ئۆپۆراسیۆنەکانی پێشووی ئەو وڵاتە.

## بوونی سەربازی و هەواڵگری تورکیا لە هەرێم

تورکیا هەر لەسەرەتای خەملینی قەوارەی هەرێمی کوردستان و بەتایبەتیش لەگەڵ سەرهەڵدانی شەڕی ناوخۆ لەناوەراستی نەوەدەکان، بە شێوەیەکی هەمیشەیی پێگەو بنکەی سەربازی و هەواڵگری لەناو خاکی هەرێمی کوردستاندا جێگیرکردووە، ئەوەش لە چوارچێوەی رێککەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی تورکیا. ئەگەرچی پێشتریش هێزەکانی تورکیا بەپێی رێکەوتنی نێوان رژێمی بەعس وتورکیا چەندجارێک سنورەکانی باکوری عیراقیان بەزاندووە بەپاساوی کێماڵکردنی ناوچەکە لە هێزە کوردییەکان، بەڵام لەو کاتەدا تورکیا هیچ بنکەیەکی جێگیری لەناوچەکەدا نەبووە.

تورکیا زیاتر لە ٢٠ بنکەی سەربازی و هەواڵگری لە ناو خاکی هەرێمی کوردستاندا هەیە کە لەنێوان پارێزگاکانی هەولێرو دهۆکدا دابەش بوون، ئەمەش بەپێی رێکەوتنی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و تورکیا لە ساڵی ١٩٩٥ەوە، گەورەترین بنکەی سەربازی تورکیاش لە هەرێم کە شوێنی نیشتنەوەی فڕۆکەی هەیە (بنکەی بامەڕنێ)یە باکوری پارێزگای دهۆک، کە پێشتر سەدام حسێن بۆ سەردانیکردنی ناوچە گەشتیارییەکانی سەرسەنگ و دەوروبەری بەکاریدەهێنا.

هەروەها بنکەی سەربازی لە ناحیەی زەلکان نزیک بەعشیقە، کە بەسەدان سەرباز و دەیان دەبابە و زرێپۆش و تۆپی دوورهاوێژ لەخۆدەگرێت، سەرەڕای ئەوەی ئەو ناوچەیە دوورە لە ناوچەی چالاکییەکانی پەکەکەوە.

جگە لەو دوو بنکە گەورەیە، تورکیا چەندین بارەگاو پێگەی سەربازی و هەواڵگری دیکەی لە هەرێم هەیە لەوانە: بنکەی سەربازی باتۆفە، کانی

ماسی بنکەی سەربازی، بنکەی سنکی سەربازی، بنکەی سەربازی کۆمەڵگەی بیکۆفا، بنکەیەکی تر لە دۆڵی زاخۆ، بنکەی سەربازی سیرێ لە شیلادزێ، بنکەیەک لە شیرنێ، بارەگای کویکی، بنکەی سەربازی قەمەریی بەرواری، کوخی سپی، دریی دواتیا، بنکەی سرزیری، بنکەی ئاسایشی (میت)ی تورکیا لە سەنتەری قەزای ئامێدیی، بارەگای ئەمنی تورکیا لەسەنتەری باتۆفە، بارەگای ئەمنی تورکیا لە قەزای زاخۆ، بارەگای ئەمنی تورکیا لە گەڕەکی(گرێ باسی) لە پارێزگای دهۆک.

هەرچەندە چەندینجار پەرلەمانی کوردستان و ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بەرەسمی داوایان لەتورکیا کردبوو کە ئەو هێزانە لە خاکی هەرێمی کوردستان بکشێنەوە بەو پێیەی پێشێلی یاسا کارپێکراوەکانی هەرێم و دەستوری عیراق و یاسا نێودەوڵەتیەکانە، بەڵام تورکیا گوێی پێی نەداوەوهیچ کام لەو هەوڵ و فشارانە نەیتوانیوە ئەو هێزانە لەخاکی هەرێم دەربکات.

## پاڵنەرەکانی دەستێوەردانی سەربازی تورکیا

هەمیشە تورکیا بوونی گەریلاکانی پەکەکەی لە هەرێمی کوردستان کردووە بە پاساوی بەزاندنی سنورەکانی عێراق. هاوکات لەم ساڵانەیی دوایدا بە پاساوی پارێزگاریکردن لە کەمینە تورکمانەکانی دەشتی نەینەوا بەتایبەت لە سەروبەندی دووبارە کۆنترۆڵکردنەوەی ناوچەکانی سوننە نشین لە دەستی رێکخراوی داعش. بەڵام لەئێستادا لەشکرکێشی تورک بۆ سەر هەرێمی کوردستان جیاوازە و هەڵگری چەند پاڵنەرێکی تایبەتە لەوانەش:

١- ئاشکرایە دوای هێرشەکانی داعش بۆ سەر ناوەڕاستی عێراق لە ساڵی ٢٠١٤ و دروستکردنی مەترسی لەسەر هەرێمی کوردستان، پێگەی پارتی کرێکارانی کوردستان لە هەرێمی کوردستان بەجۆرێک بەهێز بوو کە بەشداری سەرەکییان هەبوو لە جەنگی دژ بە رێکخراوی داعش. ئەمەش وایکرد هێزە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر دژایەتی بوونی پەکەکە نەکەن لەو کاتەدا بەڵکو مسعود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرۆکی هەرێمی ئەوکات ڕاستەوخۆ سەردانی بنکە وبارەگاکانی پەکەکەی کرد لە مەخمور بۆ سوپاس کردنیان لە پای هاوکاری و پشتیوانییەکانیان لە جەنگی دژ بە داعش. تەنانەت مسعود بارزانی وەک سەرۆکی هەرێم لە ساڵانی سەرەتای دوای ڕووخانی

**ئەگەر پارتی ئامادە بێت جەنگی پەکەکە بۆ تورکیا بکات یاخوود ئامادە بێت هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژ بخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی تورکیا ئەوا جەنگی ناوخۆیی کورد دژ بە کورد دروست دەبێت**

رژێمی بەعس هەرەشەی دەستێوەردان ئەکات لە شارەکانی باکووری کوردستان هاوشێوی دیاربەکر و ناوچەکانی تر ئەگەر تورکیا دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆی هەرێمی کوردستان و شاری کەرکوک بکات. ئەمە لەکاتێکدا لەئێستادا لەشکرکێشی گەورەی تورکیا لە هەرێمی کوردستان هەیە و هیچ کام لە دامەزراوەکانی هەرێمی کوردستان هاوشێوەی حکومەت و سەرۆکایەتی هەرێم کە لەلایەن بنەماڵەی بارزانیەوە بەرێوەدەبرێت ئامادەنین هیچ بەیاننامەیەک یان دژایەتیەکی لەشکرکێشی تورکیا بکەن. هەرچی بارەگای بارزانیە کە بارەگایەکی حزبی تایبەتە بە کاروچالاکییەکانی مسعود بارزانی

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە دوای دەستبەرداربوونی پۆستی سەرۆکی هەرێم لە ٢٠١٧، ئەویش هیچ هەڵوێستێکی نەنواندووە.

بەلەبەرچاوگرتنی سنوری لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان کە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستانەوە ساڵانێکە ئەکرێت و لەئێستاشدا هەر لەو ناوچانەوە دەستی پێکردووە بۆیە بەشێک پێیان وایە کە تورکیا نەک هەر ڕێگری لێ ناکرێت لەلایەن ئەو حزبەوە بەڵکو بگرە هاوکاریش دەکرێت، دیارە لەمەشدا ئامانجی سەرەکی لێدانە لە بوونی سەربازی پەکەکە لە ناوچەکانی قەڵەمڕەوی پارتی لە سنوری زۆنی زەرد بەتایبەت ناوچەکانی بادینان و شارۆچکەی شەنگال کە بەر لە هێرشەکانی داعش بۆ سەر ئەو ناوچەیە ئاکە حزبی فەرمانڕەوا تیایدا پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بەڵام لە ئێستادا لەلایەن هێزگەلێکی وەک یەکینەکانی پاراستنی شەنگال و چەند گرووپێکی تری نزیک لە پارتی کرێکارانی کوردستان لە هێرش و پەلامارە تیرۆریستییەکان دەپارێزرێت.

بێدەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی هەرێم وەک پێشوازی دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان بۆ ئۆپراسیۆنی داگیرکاری تورکیا لە ناو خاکی کوردستان دا لێکدەدرێتەوە، چونکە نایانەوێت چیتر گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی بوونی هەبێت. ئەم گووتارەش چەند ساڵێکە لە لێداوانی بەرپرسانی پارتی دا جەختی لێدەکرێتەوە. تەنانەت لە یەکەم سەردانیدا بۆ تورکیا لە کۆتای ٢٠١٩ وەک سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان مەسرور بارزانی دژایەتی هەرێمی کوردستانی بۆ بوونی پەکەکە لە هەرێم دووپاتکردۆتەوە.

٢- پاڵنەرێکی تر پەیوەستە بە دووبارە بەهێزبوونەوەی پێگەی سیاسی و سەربازی تورکیا لە ناوچەکە: لە چەند ساڵی ڕابردوو بەدیاریکراوی دوای بەهاری عەرەبی لە ٢٠١٠ تورکیا ڕووبەڕووی شکستی گەورە بوو لە ناوچەکە و سیاسەت و هاوپەیمانەکانی لە ناوچەکە بەردەوام لە پاشەکشێدابوو. بەجۆرێک لە میسر ئیخوانەکان شکستیان هێنا و دواجار بە بەندکردن و مردنی محمد مورسی لە زیندا کۆتاییهات، هەرچی لە تونس بوو بە پاشەکشێی بەرچاوی حزبی نەهزە و دووورکەوتنەوەی لە دەسەڵات، لە سوریاش بە هێزبوونەوەی بەشار ئەسەد و مانەوەی لە حوکم و هەوڵەکان بۆ دروستبوونی کیانێکی ئۆتۆنۆمی کوردی لە سنورەکانی تورکیاو ئیحتیوائکردنی قەتەر لەلایەن وڵاتانی تری کەنداوە. بەڵام دوای

**بەرەوامی لەشکرشێکی و ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و شەنگال و قەندیل بەزیانی گەورەی هاوڵاتیان و گوندنشینانی ناوچە سنورییەکان دەشکێتەوە**

ئاشکراکردنی پلانی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە سوریا، ئەنقەرە دەرفەتی دووبارە بەهێزبوونەوەی بۆ ڕەخسا بەجۆرێک لە دوو ساڵدا دوو ئۆپراسیۆنی سەربازی گەورەی کردە سەر ڕۆژئاوای کوردستان و بەشێکی زۆری ناوچە سنورییەکانی نێوان تورکیا و سوریا کە لەژێر قەڵەمڕەوی هێزەکانی سوریای دیموکرات و یەپەگەدا بوون داگیرکرد. توانی بە هاوکاری ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا قەتەر لە سزاکانی وڵاتانی کەنداو و مەترسی هێرشی سەربازی بۆ سەری قوتاربکات، دواتر هێزی سەربازی ناردە لیبیا بۆ هاوکاریکردنی حکومەتی وفاقی نیشتمانی

لیبی و سەرکەوتنی بەرسەر سوپای نیشتمانی لیبی بەسەرکردایەتی خەلیفە حەفتەر، ئەمانە هۆکارن بۆ دووبارە گەڕانەوەی تورکیا و بەردەوام بونی لەسەر نمانیشە سەربازی و سیاسیەکانی لە ناوچەکە تا وەکو یاریکەرێکی سەرەکی ناو هاوکێشە هەرێمایەتیەکان بەجێی نەمێنێت.

٣- بوونی هەماهەنگیەکی هەرێمی لەنێوان ئەنقەرە - تاران - بەغداد: هەرچەندە حکومەتی عێراق نارەزایی دژی پێشێلکردنی سەروەری عێراق راگەیاند، بەڵام وا دەردەکەوێت ئەوە تەنها بەشێکی گەمەکە بێت. بەتایبەت لەو ڕووەی هەر لەشکرکێشییەکی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان لاوازبوونی زیاتری کورد و پێگەی سیاسی هەرێمی لە عێراق لێدەکەوێتەوە، کە لە دوای شکستی ریفراندۆمی ٢٠١٧ بەردەوام لە پاشەکشێدایە. ئەمە لەکاتێکدایە کە ئێرانیش دەستیکردەو بە بۆردوومانکردنی چەند ناوچەکی سنوری هەرێم وەکو وەڵامدەرەوەیەک بۆ ئۆپراسیۆنەکەی تورکیا. ئەم هەماهەنگیە هەرێمیە دژی هەرێمی کوردستان و ئەزموونە سیاسییەکەی هەرچەندە رەگ و ریشەیەکی مێژوویی هەیە، بەڵام بە پلەی سەرەکی زادەی بڕیاری نەخەمڵێنراوی بەرپرسانی هەرێمی کوردستان بووە لە ساڵانی رابردوو بەتایبەت لە پرسی ئەنجامدانی ریفراندۆمی ناکلایەن بەبێ هیچ پشتیوانیەکی هەرێمی و نێودەوڵەتی کە بەنەتیجە بووە هۆی لەدەستدانی ناوچە جێناکۆکەکان و لاوازبوونی پێگەی سیاسی هەرێمی کوردستان لە ناوخۆ و دەرەوە.

٤- زۆرجار حکومەتی تورکیا پرسی تورکمانەکانی عێراق بەتایبەت لە کەرکوک وەک بەشێک ئەجێندای سیاسی و رێککەوتنی خۆی بەکارهێناوە. لەدوای شکستی ریفراندۆمەوە بەردەوام تورکمانەکان داوادەکەن کە مافی دەستوری و نەتەوەی خۆیانە کە جڵەوی حکومڕانی شارەکە لەرێگەی وەرگرتنی پارێزگای کەرکوک بگرنە دەست. لەئێستاداش کە بڕیارە حکومەتی کازمی سەرجەم پارێزگاکانی شارەکانی عێراق بگۆرێت ئەشێت تورکیا بۆ فەترەیەکی کاتیش بێت حکومەتی عێراق قایل بکات بە خواستی تورکمانەکان کە لە دەرەنجامدا چەن بەرژەوەندییەک بەدەست دەهێنێت، لەوانەش:

– ئەنجامدانی چەند گرێبەستێکی وزە لەگەڵ کۆمپانیاکانی تورکیا لە بواری سەرچاوە سروشتییەکان و وەربەرهێنان.

– واژووکردنی چەند رێککەوتنێک بۆ نوێکردنەوەی کێڵگەکانی نەوت و گاز لە شارەکە کە پێویستە حکومەتی عێراق دوای نەمانی پارێزگارێکی تورکمانیش هەر پابەندی بێت یاخوود قەرەبووی ئەو کۆمپانیایانە بکاتەوە.

– کار لەسەر زیادکردنی نفوزی دیمۆگرافی تورکمانەکانی شارەکە بکات بەتایبەت لەئێستادا عێراق بەرەوە سەرژمێری گشتی هەنگاو دەنێت جا لەم ساڵدا بێت یاخوود لە ٢٠٢١.

– دواجار گەڕانەوەی ئەو ناوچە تورکمان نشینانەی پارێزگاکە لە سەردەمی رژێمی بەعس ڕووبەڕووی تعریب کردن بوونەتەوە.

– گەرەنتیکردنی بەشداری بەرفراوانی تورکمانەکان و ئەنانەت دەستکاریکردنی دەرەنجامەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی و ناوخۆییەکانی ئەنجومەنی پارێزگاکان لە شارەکە. بەتایبەت حکومەتی کازمی دەیەوێت کار بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت بۆ پەرلەمانی عێراق بکات لە ساڵی ئایندە کە رەنگە لەگەڵ هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکان بەیەکەوە بکرێت. لەئەگەری وادا بەدەستهێنانی یەک لەسەر سێ یان زیاتری دەنگی پارێزگاکە ئەوا تورکمانەکان دەتوانن لەگەڵ عەرەبی شارەکە حکومەتی لۆکاڵی کەرکوک دروست بکەن کە تا خوولێکی تری هەڵبژاردن فەرمانڕەوای حەقیقی شارەکەبن، کە دەتوانن تا ماوەیەکی نادیار رێگە لە گەڕانەوەی کورد و پێشمەرگە و ئاساییکردنەوەی دۆخی شارەکە دەگرن.

لەمەشدا ئەشێت بەشێک لەلایەن و حزبە کوردستانیەکان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان گۆڕانکارییەی لەوجۆرەیان پێ ئاسایی بێت، چونکە


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بـۆ بەرژەوەنـدی سیاسـی خـۆی بەکاریدەهێنێـت لـە ڕەواجـدان بـە تۆمەتبارکردنـی حزبەکانـی تـر بـە لەدەسـدانی شارەکە دوای شکسـتی ریفرانـدۆم لەلایـەک و لاوازکردنـی هەژموونـی جەمـاوەری لایەنەکانـی تـر بەتایبـەت یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان لەلایەکـی تـرەوە، چونکـە بوونـی کـورد و قەبـارەی دەنگـدەری کـورد لـەم سـاڵانەی دواییدا بـە ڕەهایـی لـە هەژموون و دەنگـی دەنگدەرانـی یەکێتـی چڕبووتـەوە.

٥- پاڵنەرێکـی تـر ئەشـێت لـە هەماهەنگـی تورکیا - عێـراق لـەم ئۆپراسـیۆنەدا جێکرابێتـەوە ئەوەیە کـە هەرێمـی کوردسـتان ناچـار بکرێـت بـە ڕازیبـوون بـە گەڕانـەوەی سـوپای عێـراق بـۆ سـنورەکانی نێـوان تورکیا و عێراق. ئیفلاسـی دارایی و ئابووری حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان وایکـردوە هـەم حکومەتـی هەرێم بـە ناچـاری تـەواوی نـەوت و وزە ڕادەسـتی بەغـداد بـکات لەبەرامبـەر ناردنـی شایسـتە داراییەکانـی هەرێم و مووچـەی فەرمانبـەران بـەڵام هێشـتا بەغـداد ڕازینەبـووە، هەمیـش تورکیـا بـۆ پاراسـتنی دەسـتکەوت و بەرژوەندییـە ئابوریـە زۆرو زەوەندەکانـی لـە هەرێم کـە زوربـەی لەسـەر بنەمـای شـەخصی بـووە بـەدوای بەدیلـی تـردا بـڕوات، بەتایبەتیـش کـە ئەمجـارە بەغـدا دوای ڕادەسـتکردنەوەی داهاتـی خاڵـە سـنووریەکانیش دەکات. کـە ئەمـەش هەمـان ئـەو بڕیارەیـە حکومەتـی عەبـادی دوای شکسـتی ریفرانـدۆم بەسـەر هەرێمـی کوردسـتاندا سـەپاندی. گەڕانـەوەی داهاتـی خاڵـە سنورییەکان بـە بوونـی سـەربازی عێـراق دەسـەپێنرێت کـە تورکیـاش ڕەنگـە هاوکاربێـت چونکـە هـاوکات سـوودی ئەمنـی بـۆ تورکیـا ئەبێـت و لەئاییندەدات دەبێتـە هـۆی ڕادەسـتکردنەوەی تـەواوی سـنوورەکان بـە سـوپای فیدراڵـی عێـراق.

هەرچەنـدە ئەمـە هەنگاوێکـی نادەسـتورییە بـەو پێیـەی بەپێـی دەسـتوری هەمیشـەی عێراق سـنورەکانی هەرێمـی کوردسـتان لەلایـەن هێزەکانـی پاسـەوانی هەرێـم دەپارێزرێـت، سـنورەکانی تورکیـا و ئێرانیـش لەگـەڵ هەرێمـی کوردسـتان دەکەونـە چوارچێـوەی ئەرکـە دەسـتورییەکانی هێزەکانـی پێشـمەرگە (پاسـەوانی هەرێـم)، بـەڵام کاتێـک عێـراق دەبینێـت لـە خاڵـە سـنورییەکانەوە سـامان و سـەروەتی هەرێـم بەتایبەتـی نـەوت و سـەرچاوە سروشـتییەکان ڕەوانـەی دەرەوە ئەکرێـت بەبـێ گەڕانـەوەی پارەکـە بـۆ عێـراق یاخـوود خەرجکردنـی شایسـتە داراییەکانـی هاوڵاتیانـی هەرێـم، ئـەوا بەغـدا ڕەنگـە بـڕاردەی ڕێککەوتـن لەگـەڵ وڵاتانـی دراوسـێ تاقـی بکاتـەوە بـۆ ڕێگرتـن لـە بەتاڵاچـاخ بردنـی سـەروەت و سـامانی هەرێـم. بەگەڕانـەوەی مەلەفـی داهاتـی خاڵـە سـنورییەکان

**بێدەنگی پارتی دیموکراتی کوردستان وەك پێشوازی هەرێمی کوردستان بۆ ئۆپراسیۆنی داگیرکاری تورکیا لە ناو خاکی کوردستان دا لێکدەدرێتەوە، چونکە نایانەوێت چیتر پەکەکە لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتیدا بێت.**

و کۆنترۆڵکردنـی سـنورەکانی لەگـەڵ تورکیـا، عێـراق دەتوانێـت لەلایـەک بەرژەوەندییـە ئابوورییەکانـی تورکیا لەبەرچـاو بگرێـت لەلایەکـی تـرەوە دەتوانێـت کۆتایـی بەسەرکەشـی دەسـەڵاتدارانی هەرێـم بهێنێـت بـۆ بەهەدەردانـی سـامانی وڵات لەژێـر نـاوی ئابـووری سـەربەخۆ و فرۆشـتنی نـەوت بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ ناوەنـد.

هـەروەک ئەشـێت لـەم نێوەندەشـدا عێـراق تورکیـای قایـل کردبێـت کـە پەیامـی کۆنترۆڵکردنـی سـنورەکان و گەڕانـەوەی بـۆ دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـدی بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حکومەتـی هەرێـم بـدات


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

یاخوود پێویستە ئەوان گەرەنتی ئاسایشی سەربازی تورکیا بکەن بەتایبەت رێگری لە بوونی پەکەکە و کۆتاپێهێنان بە هێرشەکانیان بۆ سەر تورکیا لە خاکی هەرێمەوە. کە لە هەردوو ئەگەرەکەدا بە زیانی کوردستان دەشکێتەوە، چونکە ئەگەر کۆنترۆڵکردنەوەی سنوورەکان بگەڕێتەوە دەسەڵاتی بەغداد ئەوا تەواوی بڕیارە سیاسی و ئابووری و بازرگانیەکان لە سنوورەکاندا لە بەغداوە دەر دەچێت کە دواجار بێشک بەشێکیان لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان نیە و قەوارەیی دەستوری هەرێم لاواز دەکات، لەلایەکی ترەوە. خۆئەگەر پارتی بە بڕاردەی دووەم رازی بێت کە دەرکردنی پەکەکە یە ئەوا دووبارە بەزیانی کورد دەشکێتەوە کە هەنگاونانە بەرەو شەڕی کورد بە کورد و دواتر پەلاماردان و لەناوبردنی کیانی هەرێم.

٦- پاڵنەرێکی تر پەیوەستە بە گفتوگۆکانی ئێستای ئەمریکا - عێراق تایبەت بە پێداچوونەوەی رێککەوتنی ستراتیجی نێوانیان: تورکیا دەخوازێت پرسی دابینکردنی ئاسایشی سنورەکانی بکاتە بەشێک لەو رێککەوتنەوە بەوەی تیایدا حکومەتی عێراق بەرپرس بێت لە دابینکردنی ئاسایشی ناوچەکانی نێوان عێراق - تورکیا، کەلەم ئەگەرەشدا عێراق پێویستی بە هەماهەنگی راستەوخۆی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا هەیە. بەحوکمی رێککەوتنەکەش ئەمریکا پێویستە هاوکاری عێراق بکات لەو پرسەدا کە دواجار هەم ڕاکێشانی ڕاستەوخۆی ئەمریکایە بۆ دژایەتیکردنی پەکەکە ڕەنگە بە هێزی سەربازیش بێت، کەوادەکات ئەمریکا و پەکەکە بچنە شەڕی یەکتر. لەو ئەگەرەشدا کاریگەری ڕاستەوخۆ لەسەر پەیوەندییەکانی ئەمریکا و هێزەکانی سوریای دیموکرات و کوردستانی سوریا دروست دەبێت لە ناوخۆی ئەمریکا. نە کۆنگریسی ئەمریکا و نە رای گشتی ئەو وڵاتە قبوڵی ناکات کاتێک سوپای وڵاتەکەی لەگەڵ پەکەکە لە جەنگدا بێت لەکاتێکدا ئەم هێزە بەشدارییەکی گەورەی هەبووە لە کۆتاپێهێنان بە رێکخراوی داعش.

٧- خاڵی کۆتای رەنگە پەیوەست بێت بە زیندووکردنەوەی هەژموونی عوسمانی نوێ لە ناوچەکە: هەرچەندە ئەم خاڵە بەشێک لە پاڵنەری بەهێزبوونەوەی تورکیا لە ناوچەکە، بەڵام بۆیە لێرەدا ئاماژەی پێدەکەین لەبەر ئەوەی ئەم هەنگاو بە هێزی بیانی و وڵاتانی تر دەکات. بۆ نموونە دوای تێپەڕبوونی دەیان ساڵ لە دابینکردنی پارێزبەندی و گەرەنتی سیاسی و سەربازی بۆ کورد وا دەردەکەوێت ئەمریکا بێ ئومێدبووبێت لە بەدیموکراتیزەکردنی هەرێمی کوردستان و بوون بەهێزێک جێگەی بەرژەوەندییەکان ستراتیجیەکانی بێت، بەتایبەت دوای گوێنەگرتن بە داخوازایی ئەمریکییەکان بە دواخستنی ریفراندۆم. هەروەک چۆن دارشتنەوەی نەخشەی سیاسی و هاوکێشەی بەرژەوەندییەکانی ناوچەکە پێویستی بە رێککەوتنە، بۆیە ئەشێت ئەمە بەشێک بێت لە هەماهەنگی واشنتۆن و ئەنقەرە کە هەژموونی هەرێمی کوردستان سنوردار بکرێت لەبەرامبەر بەهێزکردنەوەی هەژموونی حکومەتی فیدراڵ بەتایبەت دوای ئەوەی لە سەرەتای ٢٠٢٠ هەژموونی ئەمریکا بەرامبەر بە ئێرانیەکان و هێزە نەیارەکانیان لە عێراق بەهێز بوو و ئامادەنیە ئەو وڵاتە بۆ هیچ هێزێکی تری هەرێمی چۆڵ بکات. لەبەرامبەردا ئەمریکا جەخت بکاتە سەر گرنگیدانی زیاتر بە رۆژئاوای کوردستان کە هەم گرنگی جیۆستراتیجی و جیۆپۆلەتیکی زیاتری بۆ واشنتۆن هەیە. ئەم ئاڵوگۆرە لە جێ هەژموونی زلهێز لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا نموونەی زۆرە بەتایبەت ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای سەدەی بیستەم لەکاتی ئاڵوگۆڕی ناوچەکانی هەژموون و ئینتیداب لەنێوان و فەرەنسی و بەریتانیەکان لە عێراق و سوریا بەشێک لە وڵاتانی تری ناوچەکە.

## لێکەوتەکانی هێرشی سەربازی تورکیا

١- هەرەشە لەسەر قەوارەی دەستوری هەرێمی کوردستان: بەو پێیەی ئەنقەرە تەنها نیە لەم هێرشەدا هەریەک لە بەغدا و تاران بەناراستەوخۆ



KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

بێدەنگ یان هەماهەنگن، ئەمریکاش تائێستا هیچ هەڵوێستێکی نیە بۆیە ڕێگرتن لە پێشڕەوی زیاتری هێزەکانی تورکیا پێویست بە بوونی سەربازی سوپای فیدراڵی ئەکات لە ناوچە سنوورییەکان بەمەش قەوارەی سیاسی و دەستوری هەرێمی کوردستان هەڕەشەی جدی لەسەر دروست دەبێت.

٢- ئەگەری پێکدادان و دروست بوونی جەنگ لەنێوان پەکەکە و هێزە کوردییەکان بەتایبەت پارتی دیموکراتی کوردستان و هێز و گرووپە نزیکەکانی وەک پێشمەرگەکانی رۆژ. ئەگەر پارتی ئامادە بێت جەنگی پەکەکە بۆ تورکیا بکات یاخوود ئامادە بێت هێزەکانی پێشمەرگەی رۆژ بخاتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی تورکیا ئەوا جەنگی ناوخۆیی کورد دژ بە کورد دروست دەبێت کە براوەی سەرەکی تیایدا تەنها تورکیایە.

٣- بەردەوامی لەشکرشێکی و ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی تورکیا لە هەرێمی کوردستان و شەنگال و قەندیل لەلایەک بەزیانی گەورەی هاوڵاتیان و گوندنشینانی ناوچە سنوورییەکان دەشکێتەوە لەلایەکی ترەوە ڕێگر دەبێت لە گەڕانەوەی ئاوارە ئێزیدییەکان لە هەرێمی کوردستان بۆ زێدی خۆیان لە شەنگال.

٤- لەئەگەری سەرکەوتنی تورکیا لە دەرپەڕاندنی گەریلاکانی پەکەکە لە ناوچە شاخاوییەکانی قەندیل و تەنانەت شەنگال ئەوا هەنگاوی دواتری تورکیا پڕکردنەوەی ئەو ناوچانە ئەبێت بە هێز گەلێکی تیرۆریستی هاوشێوەی ئەو چەکدارە توندڕەوانەی کە ڕەوانەی لیبیا و ناوچەکانی تری جەنگی دەکات. بەتایبەت لە ئێستادا تورکیا توانیویەتی زۆربەی گرووپە توندەڕەوە ئیسلامییەکان و ئۆپۆزسیۆنی چەکداری سوریا لە ژێر هەژموونی خۆی کۆبکاتەوە و جەڵەوی ئەو ناوچانەی لە رۆژئاوای کوردستان داگیریکردوون بێیان بسپێرێت. بۆیە ئەرکی پڕکردنەوەی ئەو ناوچانە بە چەکداری توندڕەو و تیرۆریستی کاریکی ئەستەم نیە بۆ تورکیا کە دواجار هەڕەشەی جدی لەسەر قەوارەی هەرێمی و سەقامگیری کوردستان دروست دەکات.

٥- لاوازکردنی قەوارەی هەرێمی کوردستان بە گەڕانەوەی هەژموون و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بەسەر ناوچە سنوورییەکان لێکەوتەیەکی ترە کە گوزارشتە لە پاشەکشێی پرسە نەتەوەی و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵانی بەر لە ڕاپەڕینی گەلی کوردستان.

٦- ئەم هێرشە ئامادەکارییە بۆ هێرشێکی تری بەرفراوان کە تیایدا سوپای تورکیا بتوانێت زۆرینەی ناوچەکانی ولایەتی موصڵ کە تورکیا بە بەشێک لە سەروەری مێژووی خۆی هەژماریدەکات بڕوات. ئەردۆگان ساڵانێکە باس لە گەڕانەوەی ئەو ناوچانە ئەکات بۆ ئامێزی دەوڵەتی تورکیا، ئەمەش بە میکانیزمی سەربازی جێ بەجێدەکرێت. کاتی جێ بەجێکردنی ئەو خواستەش تا ساڵی ٢٠٢٣ دیارە کە هاوکاتە لەگەڵ یادی سەد ساڵەی دامەزراندنی کۆماری تورکیا.

## دەرەنجام

لەشکرکێشی تورکیا بۆ سەر هەرێمی کوردستان تازە نیە و هەڵگری پاساوی جۆراوجۆرە لە دیارترینیان بەرپەرچدانەوەی بوونی پەکەکە و پاراستنی ئاسایشی سنوورەکانی لەلایەک و پاراستنی کەمینەی تورکمان لە چەند ناوچەیەکی تری لە باکووری عێراق لە ساڵانی ڕابردوو. لەئێستادا کۆمەڵێک پاڵنەر و دافعی جیاواز هەیە کە ڕەنگە تورکیا لەپشت هێرشە سەربازییەکانی بۆسەر هەرێم حەشاری دابێت لەوانەش هەماهەنگی هەرێمی بۆ ئینحواکردنی هەژموون و قورسایی دەستوری هەرێمی کوردستان لەناوی عیراقی فیدرالدا، سەوداکردن لەسەر پێدانی جەڵەوی حکومڕانی شاری کەرکوک بەهەولدان بۆ بەهێزکردنی پێگەی تورکمانەکان لەپۆستە سەرەکیەکاندا بۆ چەند ساڵی ئایندە. هەروەها ڕاکێشانی ڕاسنەوخۆی حکومەتی عێراق و ئەمریکا بۆ جەنگی دژ بە پەکەکە کە کاریگەری لەسەر پشتیوانیەکانی واشنتۆن ئەبێت بۆ کوردانی سوریاش، بەتایبەتی کە ئیستا پرۆژەی واشنتۆن بۆ کوردانی

سوریا لەبەرەوپێشچووندایە، ئەمانەش کۆمەڵێک لێکەوتەی نەرێنی دروست دەکات لە دیارترینیان لاوازکردنی هەژموونی هەرێمی کوردستان، ئەگەری دروست بوونی شەڕی کورد - بە - کورد، هێنانی گرووپی چەکداری توندڕەوی جیهادی لە سوریاوە بۆ ناوچەکانی قەندیل و شەنگال ئەگەر تورکیا لە ئۆپراسیۆنە سەربازییەکانی ئێستا و ئایندەی سەرکەوتووبێت، دواجار زیادکردنی هەژموونی سیاسی پێکهاتەکانی تورکمان و عەرەب لە کەرکوک لەرێگەی گۆرینی دیمۆگرافیای شارەکە و دەستکاریکردنی دەرەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئایندەی عێراق (پەرلەمانی یان ئەنجومەنی پارێزگاکان) لە ساڵانی ئایندە.

## لیستی سەرچاوەکان


Erika Solomon in Makhmour and Daniel Dombey, PKK 'terrorists crucial to fight against Isis, Financial Times, August ١٦ ٢٠١٤ , https://www.ft.com/content/٩٠-٤a٦e٥b-٢٤٦٠-١١e٤-be٨e-٠٠١٤٤feabdc٠

مسعود البارزانی یهدد ترکیا اذا تدخلت فی موضوع کرکوک، مقابله مع القناه العربیه، علی الموقع:
https://www.youtube.com/watch?v=jJmi٦zCC٢s

Turkey sends special forces into northern Iraq, Aljazeera , (٢٠٢٠-٦-١٧) , https://www.aljazeera.com/news/٢٠٢٠/٠٦/turkish-warplanes-attack-kurdish-targets-northern-iraq-٢٠٠٦١٧٠٣٥٦٥٥١٩٣.html

Zafer Fatih Beyaz, Turkish president meets PM of Iraq›s Kurdish region, Anadoul Agency , (٢٠١, ١١, ٢٨) , https://www.aa.com.tr/en/politics/turkish-president-meets-pm-of-iraqs-kurdish-region/١٦٥٨٤٩٦

Bethan McKernan, Turkey launches major attack on Kurdish militants in Iraq, The Guardian , (١٧ Jun ٢٠٢٠) , https://www.theguardian.com/world/٢٠٢٠/jun/١٧/turkey-launches-major-attack-on-kurdish-militants-in-iraq

٢٠ قاعده عسکریه ترکیه فی کردستان العراق، جریده الشرق الاوسط، ٢٨ ینایر ٢٠١٩ ، العدد١٤٦٧١

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەنـدی کوردسـتان بـۆ توێژینـەوە لـە ململانـێ و قەیرانـەکان ناوەندێکـی قازانـج نەویسـتی سـەربەخۆیە، کاردەکات بـۆ ئەنجامـدان و پشـتگیریکردن و هاندانـی توێژینـەوەو پێشکەشـکردنی بـە ڕای گشـتی، هەروەهـا وەرگێڕانـی کتێـب و نوێتریـن توێژینـەوە جیهانییـەکان بـۆ سـەر زمانـی کـوردی و دەوڵەمەندکردنـی لیتریچـەی کـوردی لەبوارەکانـی سیاسـەت و دیراسـاتی ئاینـدە، بـە مەبەسـتی دۆزینـەوەی چارەسـەر بـۆ گرفتـە سیاسـی و کۆمەڵایەتـی و ئەمنییـەکان، ئاگادارکردنـەوەی دەسـتەبژێری سیاسـیی کـورد لـەو هەڕەشـانەی کـە ڕووبـەڕووی کوردسـتان و ناوچەکـە دەبنـەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS